# ژنان حەز لە چ







ژنان لــە هەڵبژاردنی مۆبایلدا لەگەڵ پیاوان بەیەك جۆر بیرناكەنەوە و جیهانی ئەوان بــۆ هەڵبژاردنی مۆبایل جیاوازە. ژنان ئــەو هاندانەی كە لــە رواڵەتدا سەرنجڕاكێشن، روون و گەش بریقەدارن و هەروەهــا رەنگــی جۆراوجــۆر و كراوەیان هەیــە، هەڵدەبژێرن. زیاتر ئەو هاندانەش هەڵدەبژێرن كە سلاید بن.

لێكۆڵینەوەكان دەری دەخەن لەنێو كۆمپانیاكانی مۆبایلدا ئافرەتان

# سایتی PhotoFunia LAB لەسەرووی فۆتۆشۆپ



ئەوانەی ئەركــی گرافیكی بەرێوە دەبەن، دەزانن پرۆگرامی فۆتۆشۆپ باشــترین پرۆگرامی گرافیكییە و هەتا ئێستاش هیچ پرۆگرامێكی دیكە نەیتوانیوە شوێنی بگرێتەوە. سایتی www.pho-tofunia.com لــە بواری خولقاندنی وێنەی خەیاڵیدا لە ســەرووی فۆتۆشۆپە. پاش كردنەوەی سایتەكە نموونەی چەندین وێنەی خەیاڵی دەردەكەوێت، دەتوانی كلیك لەسەر یەكێك لە وێنەكان بكەی و دواتر لاپەڕەیەكی دیكە دەكرێتەوە و داوات لێــدەكات كە وێنەكەی خۆت كە نیازتە گۆڕانی بەسەردابێت دابنێی، پاش دانانــی وێنەكە دوگمەی next لێبدە لە مــاوەی چەند چركەیــەك دا ئەو وێنەی مەبەســتە دەبێتە وێنەیەكی خەیاڵی. ئەو ســایتە جگە لە وێنە گرافیكی دەتوانی وێنــەی جولەداریش بخولقێنێ. هەركەســێك جارێك سەردانی ئەو ســایتە بــكات بێگومان هەمیشــە ســەردانی دەكات. ئەو ســایتە جگە لە زمانــی ئینگلیزی بە زمانەكانی عەرەبی و فارسیش دەكرێتەوە.

# كەیسی كۆمپیوتەر دەرچ





كەیســی كۆمپیوتەر، ئــەو قەبێلك و چوارچێوەیــە كــە جگە لە شاشــەی كۆمپیوتەر، گشت ئامرازەكانی دیكە وەك پاوەر، CPU و مەزلبۆرد، رام، هارد، CD درایڤەر...تاد. لەودا جێگەیان بۆتەوە. هەر لە سەرەتای پەرەسەندنی كۆمپیوتەری PC، كەیسی كۆمپیوتەر لە دوو چوارچێوە تێنەپەڕیوە، ســتوونی یان ئاسۆیی، كە چەند ساڵێك دەبێ كەیسی كۆمپیوتەر تەنیا ئاسۆییە، لــەم دواییانــەدا كۆمپانیاكانــی بەرهەمهێنانی

# جۆره مۆبایلێک دهکهن




پێنج جۆریان زۆر بـه دڵه. که بریتین لـه: HTC Touch Diamond، Pink BlackBerry Pearl 8130، BlackBerry Curve 8330 Pink، Samsung INSTINCT و LG Venus. بهڵام پیـاوان کهمتر گوێ به جوانـی روالهتـی مۆبایل دهدهن و ئـهوهی گرنگـه پێدهدهن پتهو بوون و دژی زهربهبوونی مۆبایله.


## بۆ ههڵگرتن و ئهرشیف کردنی داتاکانتان CD و DVD بهکار مههێنن



ههرچهنده ئێســتاش کۆمپانیاکانی بهرههمهێنـی CD و DVD ریکلام دهکهن که CD و DVD دهتوانن زانیارییهکان به سهده له خۆیاندا خهزن بکهن، بێئهوهی زیان به زانیارییهکان بـگات، بهڵام له راسـتیدا ئهوه تهنیا ریکلامه و هیچی تـر. ئهوانه هیچ کات ناتوانن تاکو ده سـاڵ زانیاری لهخۆیاندا خهزن بکهن. کهوایه باشـترین رێگه بۆ ههڵگرتن و ئهرشیفکردنی زانیارییه دیجیتاڵییهکان چییه؟

ناوهندی نیشـتمانی لێکۆڵینهوهی زانستی فهرهنسا پاش تاقیکاری لهسهر تهمهنی CD و DVD بـۆی دهرکهوتـووه ئهوانه جێگهی متمانه نیـن. تهمهنی واقیعی راگرتنی داتاکان له CD و DVDدا تهنیا 5 سـاڵه و جۆری ههره باشـیان 10 سـاڵه. هارد دیسـک یان فلاش میمۆری تاراددهیهك له CD و DVD باشتره. بۆ ئهوهی زانیارییهکانتان رابگرن، باشتر وایه بههەر چهند ساڵێك CD و DVDیهکانتان کۆپی بکهن، دوور نییه تا چهند ساڵێکی دیکه ئامرازێکی جێگرهوهی ئهوانه بهرههم بێت. تا ئهو کاته زانیارییه گرنگهکانتان لهسـهر دوو ئامرازی لێکجیا خهزن بکهن وهك DVD و فلاش میمۆری یان هارد دیسك.

## ـوون له بازنهی کلاسیکی





کۆمپیوتـهر بیریان لـهوه کردۆتهوه که کهیسی کۆمپیوتهر تهنیا کهیسێك نهبێ که ئامرازهکانـی کۆمپیوتهر له خۆیدا کۆبکاتـهوه، بهڵکو جگـه له ئهرکه سـهرهکییهکهی دیزاین و دیکۆرێکی سهرنجراکێشـی ههبێ، ئهوهی دهبینین چهند دیکۆرێکی سهرنجراکێشی کهیسی کۆمپیوتهرن کـه له داهاتوودا شـوێنی کهیسی ئێستا دهگرنهوه و بێگومان دیزاینی نوێتریش بهرێوهیه.



بهرپرسی فایلی ئایتی: سهنگهر شنۆیی
بۆبابهت و سهرنجهکانت پهیوهندی بکه :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com